# کاندیدەکانی لیستی (٣١٥) چۆن ئەولەویەتی کاریان دەخەنە روو؟


جوان فوئاد عەبدولرەحمان













**. محیەدین رەشید گەلالی (سلێمانی) کاندیدی ژمارە (٧):**
ـ بەدواداچوونی بڕیارەکان لە پەرلەماندا، چاودێری کردنی گەندەڵی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و.. هتد، رۆشنکردنەوەی تایبەت لەسەر سەرفی بودجەی ساڵانەی کورد، گرنگیدان بە توێژی لاوان، بەتایبەت قوتابیان بۆ دامەزراندنیان و وەرگرتنی زەماڵە بۆیان، چاککردنی بژێوی خەڵك و بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکان لە خزمەتاندا قەرەبووکردنەوەی زەرەرلێکەوتووان، بەتایبەت مووچەی فەرمانبەران لە ساڵی (١٩٩١)ەوە تا (٢٠٠٣) و، شەهیدانی ئەنفال و کیمیاباران و، رووخاندنی گوندەکانی کوردستان، پرۆژەشمان بۆ ئەوە ئامادەیە بەتایبەت بۆ کەرتی کشتوکاڵ.

**. ساڵح سەعید (سلێمانی) کاندیدی ژمارە (١٤):**
ئەوەی جەختی لێ دەکەینەوە دروشمی سەرەکی لیستەکەمانە بریتییە لە (لەپێناو چەسپاندنی مافەکان و ئایندەیەکی گەشتی بۆ گەلەکەمان)، لەو گرنگیانە داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان، پاشان داکۆکیکردن لە مافی هاووڵاتیبوون، چونکە لە رابردوو و ئێستاشدا هاووڵاتیان دڵخۆش نەبوون بە مافەکانیان، هاووڵاتیان دەبێت مافەکانیان دابین بکرێت پێش ئەوەی ئەرکی بکەوێتە سەرشان، بەلام هاووڵاتی عێراق بە پێچەوانەوەیە، داکۆکیکردن لە خانمانی ماڵ، دروستکردنی سیستەمی چاودێری لەسەر حکومەت، پرۆژەیاسام هەیە بۆ برەودان بە بەرهەمە ناوخۆییەکان و کەمکردنەوەی بەرهەمە دەرەکیەکان. چارەسەرکردنی دیاردەی جیابوونەوە لە خێزانەکاندا لە رێی دروستکردنی دەزگای تایبەت و کلینیکی ئەو بوارە.
باشکردنی زیندانیانی سیاسی و کەم دەرامەتەکان و زیادکردنی داهاتیان. قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتوان کە ئێستا یاساکە دەرچووە، بەلام جێبەجێ نەکراوە، باری ژیانی لاوان و دامەزراندنی دەرچووانی خوێندن. ژیانی منداڵانی کەمئەندام و بێ سەرپەرشت و لەخۆگرتنی حکومەت.

**. یونس محەمەد عوسمان (موسڵ) کاندیدی ژمارە (٢):**
ـ گەڕاندنەوەی قەزای مەخمور بۆ سەر پارێزگای هەولێری خۆشەویست، نوسراوەکەمان لەبەردەستدایە، هەوڵی جێبەجێکردنی دەدەین، هاوکات بنەبڕکردنی گەندەڵی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە ناوچەی مەخمور و دەروبەری، هەروەها جێبەجێ کردنی بەرنامەی لیستی (٣١٥).

**. یاسین محەمەد ساڵح (هەولێر) کاندیدی ژمارە (١٥):**
کار بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی لیستەکەمان دەکەین، هاوکات چەسپاندنی مافەکان و بنەبڕکردنی گەندەڵی، گەشەپێدانی بواری پیشەسازی و کشتوکاڵ، بۆ ئەو مەبەستەش پرۆژەی تایبەتیمان ئامادە کردووە.

**. تاڵیب عەبدولسەمەد سەرانی (هەولێر) کاندیدی ژمارە (٢٠):**
پرۆژەمان ئامادەیە بۆ چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەلایەتی و سیاسی و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی کوردستان. بەخۆڕایکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەتایبەت بۆ چینی خوارەوە. دابینکردنی بیمەی کۆمەلایەتی بەتایبەتی بۆ لاوان و هەلی کار بۆیان.

**. خالید محەمەد ساڵح (هەولێر) کاندیدی ژمارە (٢):**
کاراکردنی ئەو مادە قانونیانەی بەدەستور هەڵپەرسێردراون. دژایەتیکردنی گەندەڵی و جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان لەیەکتر. یاسا سەروەری بۆ هەمووان، جێبەجێکردنی بەرنامەی کاری هەڵبژاردنی لیستی یەکگرتوو و کاراکردنی لایەنی دادوەری.

**. رووناك ساڵح (سلێمانی) کاندیدی ژمارە (٢١):**
خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان و بەپرۆژەکردنیان لە چوارچێوەی یاساکانی پەرلەماندا، داکۆکیکارێکی بەردەوام و ئامادە بۆ مافە نەتەوایەتی و دەستورییەکانی گەلەکەمان، هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی پایەی ئافرەتان لە ناوەندەکانی بڕیاردا، چاکسازی لە سیستەمی تەندروستی بەپێی ئەنجامدانی باشترین کار لە گونجاوترین کاتدا بۆ هاووڵاتیان، دابینکردنی بودجەی تایبەت بۆ ئەو خێزانانەی بێبەشن لە نیعمەتی منداڵ. گرنگیدان بە توێژی قوتابیان و لاوان و گرنگیدان بە داخوازیەکانیان.

**. موحسین حەمەدئەمین شوانی (موسڵ) کاندید ژمارە (١٠):**
قەرەبووکردنەوەی دانیشتوانی مەخمور و دەوروبەری، بەوەی کە پسوولەی خۆراکیان سەر بە موسڵە قەرەبووی مادەی (١٤٠) نەکراونەتەوە، هەروەها کارکردن لەسەر دابینکردنی گەیاندنی پرۆژەی ئاو بەناوچەی قەراج، کە دەشتێکی پانوبەرینە و زیاتر لە یەك ملیۆن هێکتار زەوی هەیە. خزمەتکردنی بە بواری پەروەردە و فێرکردن، بەتایبەت بۆ مەخمور کە هیچ پەیمانگایەکی لێ نییە، سەرەڕای کەمی قوتابخانە و خزمەتگوزارییەکانی تر.

**. (د.ئازاد سەعید) دهۆك کاندیدی ژمارە (٤):**
بواری پەروەردە و فێرکردن لە بەغدا زۆر زەرەرمەند بووە لەبەر سیاسەتی رژێمی بەعس، بۆیە بەرنامەی تیرۆتەسەلمان دارشتوە بۆ ئەو بوارە، چاکسازی کەرتی فێرکردن لە هەموو قۆناغەکاندا، ئاوەدانکردنەوەی کەسایەتی عێراقی لەسەر بنکەیەکی دروست، نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی قوتابخانە. رێکخراوی تەندروستی جیهانی سەرژمێری کردوە کە لە عێراقدا (١٠١٠) قوتابخانەی قوڕ لە عێراقدا هەیە، لە کاتێکدا میزانیەی ئەو بوارە لەمساڵدا (٧٢)ملیار دۆلارە. دابینکردنی نوێترین تەکنۆلۆژیای زانستی بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن. دوورخستنەوەی ناوەندەکانی فێرکردن لە ململانێی حیزبی. زیادکردنی بودجەی فێرکردن کە لە ساڵی (٢٠٠٨) دا (٦,٨) بوو و، لە ساڵی (٢٠٠٩) کردیانە (٥,٨)، واتە کەمکرایەوە. دابەشکردنی زەمالات بەسەر هەموو پارێزگاکانی عێراقدا بە عادیلانە بەتایبەت بۆ کوردستان. گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن و دانانی نوێترین پرۆگرام بۆ هەموو قۆناغەکان.

**. (زاهیر محەمەد تاهیر گۆران) دهۆك کاندیدی ژمارە (٨):**
جەخت کردنەوە لەسەر مافەکانی کورد. ئەو پێداویستیانەی ناوچەکەمان پێویستییەتی تا لە بەغدا چارەسەری بکەین. دابین کردنی باشترین خزمەتگوزاری پێویستی بۆ هاوڵاتیان لەرێی ئەو پرۆژانەی ئامادەمان کردووە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران.

**. (سەعدیە ئیبراهیم بەرواری) دهۆك کاندیدی ژمارە (١٣):**
نەهێشتنی گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانیەوە. دابەشکردنی بەشێك لە داهاتی نەوت بەسەر هاوڵاتیاندا. بەرگری لە مافەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی مافەکانی ئافرەت، وێڕای جەخت کردنەوە لە بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی (٣١٥).

**. (ئەیوب کەریم) کەرکوك کاندیدی ژمارە (٩):**
ئەولەویەتی کارم لایەنی سیاسییە لە کێشەی کەرکوکدا، ئەویش جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ـە، هەروەها پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی شاری کەرکوکدا، گەورەترین گرفتی کەرکوك لایەنی سیاسییە کە هەوێنی چارەسەرکردنی کێشەکانی ترە وەك خزمەتگوزاری، بێکاری، کۆمەلایەتی، پەروەردە، فێرکردن، هەروەها چارەسەری کێشەی ئاسایش و خۆشگوزەرانی.

**. (محەمەد نوح) هەولێر کاندیدی ژمارە (١٠):**
چونکە خۆم لە توێژی گەنجانم کاری زیاتر بۆ توێژی گەنجان دەکەم، بەپێدانی سولفەی راستەقینە بۆ هاوسەرگیری و نیشتەجێبوون، دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان، کاراکردنی کەرتی تایبەت و دەرهێنانی کەرتی تایبەت لەژێر رکێفی حیزبی، دانانی پێوەری زانستی و زانینی پێویستییەکانی پسپۆری قوتابیان بۆ وەرگرتنیان لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا، لەوێوە کۆمەڵگا بەرەو گەشەپێدانێکی بەردەوام و داهاتوویەکی رۆشن دەچێت.

**. (حسێن حەسەن) کەرکوك کاندیدی ژمارە (٤):**
پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ شاری کەرکوك. تەملیك کردنی خانووی ئاوارەکان. دامەزراندنی بێکاران و نەهێشتنی بێکاری. دابینکردنی مینحەی زەواج بۆ هاوسەرگیری. مووچەی مانگانەی بۆ سەرجەم قوتابیان و خوێندکاران و لە هەموو ئاستەکاندا. دابینکردنی کورسی خوێندنی بالا لە دەرەوە ولات، بۆ هەموو ئەمانەش و پرۆژەم ئامادەیە پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەرانی بکەم.

**. (جوان فوئاد عەبدولرەحمان) هەولێر کاندیدی ژمارە (٢٢):**
دەمەوێت خزمەت بە چینی مامۆستا و بواری پەروەردە و فێرکردن بکەم، لەو یاسایانەی کە تایبەتن بەو بوارە و زیادکردنی مووچەی مامۆستایان هاوشانی ولاتان. خزمەتکردنی پێشمەرگە و چەسپاندنی مووچەی پێشمەرگە. خزمەتکردن بە چینی ئافرەت بەگشتی، بەتایبەت ئەوانە لە ماڵەوەن و مووچەی تایبەتیان هەبێت تا ئاسودە بژین. خزمەت بە کەمئەندامان و ئەوانەی دەرامەتیان کەمە.




























